# کەی مەنبوزەکان خۆیان دەناسنەوە؟!

ماوەیەک لەمەوبەر ناسیاوێکم سەردانی بەرپرسێکی لایەنێکی کردبوو، نازانم بۆچی و لەبەرچی ناوی منیان هێنابوو! کاکی بەرپرس گوتبووی: ' دەزانی زۆر **مەنبوزە**!' ناسیاوەکەشم بەسەرسامیەوە پرسی بووی: ' خوانەکا خۆ ئەویش فایل و مایلی نیە؟!' کاکی بەرپرس سەرێکی بادابوو، گوتبووی: ' پێمباشە تێکەڵاوی نەکەی! چونکە زۆر ڕەخنە دەگرێ و باس لە ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسان دەکات، ئەمەش هێڵی سوورەو دەبێ باجی بۆ بدات!'

ناسیاوەکەم بە نیگەرانیەوە قسەو ڕامانی کاکی بەرپرسی بۆ گێرامەوە. من دەزانم مەنبوزبوونی من لەلای ئەو بەرپرسەو هاوشێوەکانی لەچیەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە بە پێکەنینەوە بە ناسیاوەکەم گوت :' خۆت نیگەران مەکە! زەمانە هەروابووە، کەسێک ئەگەر خۆی نەناسێ، خەڵکیش ناناسێ!'

ناسیاوەکەم دەیگوت: ' زۆر قسە هەبوو بمکردبایە، بەڵام بەردێکم لەسەردانا' منیش گوتم، دەبوایە بڵێی: ئەگەر بهاتایە ناو حزبەکەی ئێوە، پلەی بەرپرسیارێتی لەتۆ گەورەتر دەبوو، ئەو کات دەتگوت کەسێکی تێکۆشەرو بەڕێزە!'

ناسیاوەکەم ئاگای لە رابردووی هەردووکمان هەیە، بۆیە پێی نیگەران ببوو، بەڵام من زۆر شانازی پێوە دەکەم کە لەلایەن ئەوو هاوشێوەکانیەوە مەنبوزبم، ئەگەر مەنبوز نەبم، دەبێ کەسێکی زۆر خراپ بم.

**من** بە ناسیاوەکەم گوت: 'بێگومان ئەو جۆرە کەسانە، هەموو ئەو تێکۆشەرانەیان پێ مەنبوزە کە مێژووی خەبات و تێکۆشانی درەخشانیان هەیەو مێژووی خۆیان بە پۆست و سامان ناگۆرنەوەو خۆیان رادەستی حزبەکانی ئەوان ناکەن. هەڵبەت بەلای ئەوانەوە هەموو ئەو کەسانە مەنبوزن کە لە کاروانی نیشتمانپەروەری و وڵاتپارێزی لایان نەداوەو دانەکەلاون، بێباکانە باس لە گەندەڵی و گەندەڵکاری و سامان کۆکردنەوەی ئەو بەرپرسانە دەکەن کە رۆژانە وەک کوارک هەڵدەتۆقێن'

**ناسیاوەکەم** گوتی: 'دیارە ئەو جۆرە کەسانە، هەموو ئەو تێکۆشەرانەیان لا مەنبوزە کە دەیانەوێ ئەنفالچی و فایلدارو دزەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ'

**رووناکبیرێک** کە گوێی لە قسەکانی ئێمە بوو، هاتە ناو باسەکەو گوتی: 'لە روانگەی ئەوانەوە، هەموو ئەو کەسانە مەنبوزن کە رەخنە لە دیاردە دزێوەکان دەگرن، سەبارەت بە دزی و فزیەکان دەنووسن، قامک لەسەر راستیەکان دادەنێن و پەرۆشی بۆ کێشەی گەل و نیشتمان دەنوێنن'

رووناکبیرەکە گوتی، ئەگەر **هەژارێک** گوێی لە ئێوە بێ، دەڵێ: 'مەنبوزی راستین ئەو کەسانەن کە دزی و گەندەڵی دەکەن، سامانی نیشتمان بەهەدەر دەدەن و بەسەر خۆیان و هاودەستانیان دابەشی دەکەن' ئەگەر هزرڤانێک گوێی لێبێ، دەڵێ: ' هزرو لێکدانەوەی ئەو جۆرە بەرپرسانە رەشکەو پێشکە دەکەن و تێکەڵاویان کردووەو نازانن ئەوەی دەستدرێژی لەسەر کەسایەتی دیتران بکات و سەروەری گەل و نیشتمان لەژێر پێ بنێ، مەنبوزی گەورەو راستینە'

من و ناسیاوەکەم باسەکەمان درێژ نەکردەوە، بەڵام گوێمان لێبوو:

**دوکاندارێک** دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کە ناوێرن یەک چرکە بەتەنیاو بەبێ پاسەوان بسورێنەوە'

**رێبوارێک** دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کە خەڵک تف لە کاروانی ئۆتۆمۆبێلە بێژمارەو جام رەشەکانیان دەکەن و شەقامەکانیان بۆ چۆل دەکەن'

**گیراوێک** دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کە هەمیشە راپۆرت لەسەر خەڵک کۆدەکەنەوە و فەرمانی ئازارو ئەشکەنجەدان دەدەن'

**برای شەهیدێک** دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کە سیناریۆو پیلانی جۆراوجۆر بۆ نیشتمانپەروەران دادەرێژن و هەوڵی پاکتاوکردنی جەستەیی نەیارانی خۆیان دەدەن'

**خێزانی ئەنفالکراوێک** دەیگوت: ' مەنبوز ئەوانەن کە بە پارەی میللەت ژنەکانیان لەئاڵتوون و خشڵ هەڵدەکێشن، سەیارەی مۆدێل بەرز و خانووی نوێ بۆ ژنە نوێکانیان دەکڕن'

**وڵاتپارێزێک** دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کە باوەش بۆ داگیرکارو دوژمن و ناحەزانی میللەت دەکەنەوەو خۆشخزمەتیان بۆ دەکەن'

**پێشمەرگەیەکی دێرین**، دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کە لەسەر بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی ئێمە دانیشتوون و کاسەی قوربانیدان و ماندووبوونی گەل فڕ دەکەن و قاقا بە کێشەی گەل و نیشتمان پێدەکەنن'

**کەسێک** کە نۆبەتی بۆ ئاو گرتبوو، دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کەلەسەرێکەوە ماڵ و گەڕەک و نشینگەی خۆیان لە بلوورو چراخان هەڵدەچنن، لەسەرێکی دیکەشەوە شارەکان لە تاریکی نغرۆ دەکەن، مرۆڤ و ئاژەڵ و درەختەکان تینوو دەکەن'

**فێرخوازێک** کە بەدیار چرایێکەوە دانیشتبوو، وانەکانی راڤە دەکرد، دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کە پیرۆزی زانستگەو فێرگەکان لەکەدار دەکەن و سەروەریان لەژێر پێ دەنێن، بەزۆرەکی منداڵی خەڵکی دادەبەزێنن و بە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەش منداڵەکانی خۆیان سەردەخەن'

**پیرەژنێک** دەیگوت: ' مەنبوز ئەوانەن کە تاسەو قوڵغەی پاسەوانی لەبەردەرگەی ماڵەکانیان دروست دەکەن و گەڕەکمان لێ دەکەن بە سەربازگەو شەڕگە!'

**دایکێک** کە منداڵەکانی لەسەرما هەڵدەلەرزین، دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کە دەست بەسەر سووتەمەنی دادەگرن، بەگران بە خەڵکی دەفرۆشنەوەو بە بەقاچاغ رەوانەی دەرەوەی دەکەن'

**شۆفێرێک** دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کە بەبەرچاوی ئێمەوە دێن و لە بەنزینخانەکاندا ریز ناگرن و سەیارەکانیان فول دەکەن، هەروەها مەنبوز ئەوانەن کە بەنزین گل دەدەنەوەو رادەستی بەنزینفرۆشەکانی سەر شەقامەکانیان دەکەن'

**دێهاتییێک** کە لە کونجی گەڕەکێکی هەژارنشینی شاردا تاسەی گەڕانەوەی گوندەکەیانی دەکرد، دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کە رێگەمان پێنادەن بۆ زێدی باب و باپیرانمان بگەڕێینەوە، بەخشکەیی دەستیان بەسەر زەوەیەکانی ئێمە داگرتووەو لەسەر خۆیان تاپۆیان کردون، ڤێللاو باخچەیان تێدا دروست کردوون.

**دەرۆزەکەرێک** دەیگوت: 'مەنبوز ئەوانەن کە پاسەوانەکانیان رادەسپێرن تا بە قۆنداغە تفەنگ و قونکە دەمانچە دەموچاومان بشکێنن'

لە کۆتاییدا بەڵێن دەدەم کە رۆژێک راستەوراست ئەم باسە لەگەڵ کاکی بەرپرس بێنمە گۆڕێ و پێی بڵێم :' با راپرسی لەسەر کەسایەتی من و بەرێزتان بکرێ، ئەوکات دەردەکەوێ کێ مەنبوزە' چونکە من دڵنیام کە رۆژێک مەنبوزەکان خۆیان دەناسنەوە و پاداشتی مەنبوزبوونی خۆیان وەردەگرن، لەوانەیە جارێ کاتی مابێ، دەنا حوکمی مێژوو رەت نابێتەوە.

**رێکار ئەحمەد**
**٢٠٠٨-٥-١٤**

* بۆیە وشەی **مەنبوزم** نەگۆڕی، چونکە کاکی بەرپرس و هاوشێوەکانی زۆر شیرین لە دەمیان دێ کە بە نیشتمانپەروەرو مێژوو پاکانی دەفرۆشنەوە.

# کوا خزمەتگوزاری ؟؟ پەیمانەکانتان بەس نیین !؟

"لە بیرمە" کە لە ئەڵمانیا بووم، مامۆستای کۆرسی زمانەکەمان، ئاوەها وەسفی رۆژهەڵات و رۆژئاوای کردوو هەرگیز بیرم ناچێتەوە، وتی... "رۆژهەڵات یانی قسەی زۆر و ئیشی کەم، رۆژئاواش یانی قسەی کەم و ئیشی زۆر!" قسەکردن ئاسانە، بە تایبەتی کە مرۆڤ گیانەوەرێکی کۆمەڵایەتی قسەکەرە و بیکردنەوە و داخوزای و حاڵە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکی بە زمان دەر ئەبڕێت، گوزارشتکردنیشی لە خودی خۆی هەر قسە و وتن و نوومایشئەکات... بەڵام لە راستیدا قسەکردن وەک تیۆری دوو جۆری هەیە، (رەنگە زیاتریشی هەبێت، وەلی ئەوەی لەم وتارەدا مەبەست و ئامانجە ئەوەیە کە قسەکردن هەیە هەر بەسەر زارەکی وشەفەوی (حبر علی ورق) ئەمێنێتەوە، قسەکردنیش هەیە وەکو هەندێ تیۆری، پراکتیک و کردارەکی بەدوادایە، لە بواری سیاسیشدا، پەیمان و گفتی لەگەڵدایە، لە مەیسەرکردنی پرۆژە و پێداویستییە سەرەکییە-خزمەتگوزارییەکاندایە....! لە مەیدانی سیاسەتکردندا، قسە و وتە و ئاخاوتن زۆرە و لە زۆریشدا مەودای بۆ هیچی دیکە نەهێشتۆتەوە... قسەیش کە زۆر بوو، دەلالەتی زۆر و بۆریی ئەگەیەنێ... ئەو جارانەی کە قسەی لە مەداری تیۆری و کاردایە، گەر گفت و پەیمان و پراکتیکی لەگەڵدا نەبوو، خەسارەت و گرفتێک نییە و بەڵگو پۆزەتیفە، بەڵام گەر لە مەدای پەیماندان و جێبەجێکردندا بوو، ئەو دەمە لە فەرهەنگی سیاسیشدا ئاوەها ناوزەد ئەکرێت و بە وتار و خیتابی سیاسەتمەداران ئەوترێت" درۆی پیاوە گەورەکان..! ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرەتا و فەرهەنگی کوردەواری هەڵبدەینەوە، رۆژگاری دێرین تەماشابکەین و هەتا ساڵانی شەستەکان بخەینە ژێر میکرۆسکۆبەوە، ئەبینین: تاکەکانی کۆمەڵگە، کەمتر قسەیان کردووە، مرۆڤی ئیشکەر بوون و خاڵی بوون لە قسەی زۆر، کار و ئیشیان زۆرتر بووە لە قسە، لە کشتوکاڵ و کاری ئیشی دەست و وردە پیشەدا دانایەکی چکۆلە بوون، لە بەکارهێنانی هونەر و تەکینک و ئامێری کلاسیکیدا ئازا و چەڵەنگ بوون، ئیشکەرێکی گورجوگۆڵ بوون، زیاتر لەوەی قسەکەر و خیتاب بێژ بووبن.... ئەو دەمە مرۆڤ پیشەوەر و جوتیار و باخەوان و کرێکار بووە، بێکار و تەمەڵ و زۆربڵێ نەبووە، ئەگەر بتوانیت وەکو فیلمێکی دۆکۆمێنتی بیهێنەرەوە بەرچاوت و بزانە لە شارێکی وەکو سلێمانیدا و لە گەڕەکی سابونکەراندا، خەڵکێکی زۆر سابونیان دروستکردووە، یان جووڵاییان کردووە، پیشەی فەرش دروستکردن و بەڕەچنین و بەرماڵ دروستکردن بە رێژەیەکی زۆر لە ئارادا بووە، بە رەگەزەکانی تەنەکە و مس و ئاسن و دار و تەختە و قوماش بازاڕەکانی شاریان پڕکردبوو لە پیشەگەریی و چالاکیی.... کەواتە لە نێو ئەو هەموو ئیشکردن و بزاڤ و جوڵەیەکدا مرۆڤ کەی کاتی قسەکردن و ئاخاوتنی بۆ ماوەتەوە..!؟

مرۆڤی کوردی دێرین قسەی کەمتر ئەکرد و کارکردنی لە شوێنی قسەکردنی دانابوو، خۆ ئەگەر قسەیشی بکردایە زۆر برشت و پووخت بوو، هەر بۆیەشە شتێکی بەرجەستە و حەتمییە، کە زۆربەی شاعیرە ناودارەکانی دێرینمان دێڕە شیعرەکانیان لە وتەی فەلسەفیی و لۆژیک ئەچێت.. بە پێچەوانەی شیعری هاوچەرخەوە، (ئەفسوس) لە قسەی بێمانا و وڕێنەی سەرخۆشێک نزیکترن، وەک لە واقیع...!

لە راستیدا ئەوەی لێی دوایین، بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی بوو، بەڵام زۆری نەبرد و لەگەڵ سەرهەڵدانی چەرخی ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەی دۆگماتیزمدا کە تاکی کۆمەڵگەی بە سیاسیکرد و لە واقیعی کارکردنی دوورخستەوە، ئیدی خۆری ئازادبوون و شۆڕشی رزگاریخوازی هەڵهات، ئیدی کارکردنی جدیی دەستی پێکرد، جەنگ و جەدەل، وتاری سیاسی هاتنە مەیدانەوە... بە هەوراز و نشێودا گوزەریکرد، درێژەی نەدەینێ و باس لە کاردانەوەکانی بکەین... کە بریتی بوو لە مل ئەستوور بوونی دیکتاتۆر و رژێمە تاکڕەوەکان، کە لە بەکارهێنانی جۆراوجۆر سیاسەتی چەواشەکاری و لە خشتەبردنی خواستەکانی مرۆڤی ئازادیخوادا خۆی ئەبینێتەوە....

لە هەمووشیان بە زەبرتر بەرپاکردنی جەنگ و وێرانکاری بوو، کە مرۆڤی ناچار کرد ژینگەی خۆی جێبێڵێت، لە کارکردن و تێکۆشانی دوورخستەوە، وردە وردە لە بازنەی ژیانەوە گوێزرایەوە بۆ تونێلی مردن، جوتیار و باخەوان و پیشەوەر و جۆلای لە کارکردن داماڵی، ئیدی بێکاری و تەمەڵی ژمارەیان زۆر بوو، مرۆڤ لە شارەکاندا و لە گوزارەنی زۆرەملێدا تووشی نەهامەتی و بێدەرەتانی و خەمۆکی بوو، بە سەربازیکردن و بە جەماوەریکردن و بە زۆر بە حیزبیکردنی پیاوان پیادەکرا، ئیدی زەمەنی بارەگا حیزبییەکان هاتە گۆڕێ، کۆڕ و کۆبوونەوە و گوێگرتن و قسەکردن و راپۆرت نووسین و نوومایشکردنی ئەکتەری سیاسیی دەستەبەربوو، ئیدی پەراوێزکردنی جووڵە و ئیشکردن سەریانهەڵدا....!

قسەکەرێک ئافەریدە بوو کە سەر بە دەسەڵات و حزب بوو،کە قسە و ئاخاوتنەکانی بریتی بوو لە دارشتن و ئینشای حیزبی، قسەی زل و فشەو درۆی رەنگا و رەنگ لە هەموو کەناڵەکانەوە دەهاتنە دەرێ' ئەمەش بوو بە مۆدێل و وردە وردە دەچووە وردەکاریی و تەفاسیلی ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە... ئیدی قسەکردن بووە نێوەندێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کاری پێ مەیسەردەکرا...!

ئەگەر زیاتر نموونە بێنینەوە، ئەتوانین بڵێین لە حوجرە و خوێندنگا و زانکۆ و دەزگاکان و وەزارەتەکان و پەرلەمانیش تەنعا گرنگی بە لایەنی قسەکردن و وشە رێزکردن و تیۆرییە سوواوەکان دەدرێت، بەڵام لایەنی پراکتیکی و لابۆر و تاقیگە و مەشقکردن و کردەوە و گۆرەپان لاواز و هەژارە، کلاسیکی و بێ ئاستن..! خوێندکار و مامۆستا بە پێی میتۆدی رۆتین ئامێز، ستایشی تەمەڵی و حازربەدەستی و ئەزبەر (دەرخکردن) و قسەی زۆری یەکتری ئەکەنەوە.... کە ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە...!

خێزانی نوێی کوردی، یەکەمین وانەی قسەکردنی زۆر و کردەوەی کەمی تیادا پیادە دەگرێت، تەڵقینمان بە قسە و سرود و درود و خورافات و ئەفسانەسازیی تا کونە لووتمان گەیشتووە... کە هەر ئەم عەقڵییەتەشە لە خوێندگاکانیشدا رێتم و ئیقاعی سواو و چەقیوی وەرگرتووە و بەردەوامە...! هەنووکە، لە رۆژگاری ئەمرۆدا، ئاراستەی پەروەردە و گۆشکردن بەو شێوازەیە کە ئەمرۆ دەبێت گوێگر بین و رۆژانی داهاتوو دەبێت قسەی زۆر بکەین... ئاراستەی پەروەردەیمان و عەقڵییەتمان بۆ ئەوە کارناکات کە سبەینێ کار پیشان بدەین و کردەوە نوومایش بکەین... کەمنین ئەوانەی کە تەنها قسە ئەکەن و مووچەش وەرئەگرن، ئەوانەی کردەوەیان هەیە و بەرهەمهێنن زۆرکەمن، ئەوەی قوڕەکەی خەستتر کردۆتەوە لەم بوارەدا، حیزبە دەسەڵاتدارەکانە، دەزگاکان و جومگە گرنگەکانی کۆمەڵگەیان پڕکردووە لە قسەکەر و گوێگر و تەمەڵ و هیچ بەرهەمهێن...!

ئەوانەی قسە زۆر ئەکەن، کورسی و مێزیان بریقەی دێت و مووچەی زۆریش وەرئەگرن، ئەو قسەکەرانە لە بورجی عاجیدا ئەژین، بە پێچەوانەوە، ئەوانەی قسەیان کەمە، کردەوەیان هەردەم لە نوومایش و پێشکەشکردندایە و کارئەکەن، زۆر هەژار و کڵۆڵن... ئەوان قسەکانیان تا بەردەمی دەرگاکەشیان بڕناکات! ئەوانەی هەردەم تێئەکۆشن بۆ ئەوەی قسەبکەن بە کردەوە، ئەوانەن کە پرۆژە و بە دیلیان پێیە، بەڵام ئەوان هەمیشە نانبڕاو و بێزراون....

**حەمەی ئەحمەد رەسوڵ**



* توێژەری کۆمەڵایەتی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com